لەبەردەمی بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان ئاهەنگێك دەگێڕن پێمان باش بوو چاومان بکەوێت بەبەڕێز قادر جەباری ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی لقی چوار.

ئەم کاتەت باش

ژیانت باش بەخێربێت

*ئەمڕۆ رۆژێکی مێژوویی گەلی عێراقە بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی واوترا لەبەغدا وەفات نامەی هاوپەیمانان بێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ لە بەغداوو دەسەڵاتدارانی عێراق بەرەو رۆژێکی نادیار بەڕێ کەوتوون کەسیش شوێنیان نازانێ ئایا ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چی دەڵێن بۆ ئەم رۆژە؟

بەڕێز منو هەموو کوردو گەلانی عێراق زۆر شادین بەچاوی خۆمان دەبینین دوژمنێك لەساڵانی ١٩٦٨ەوە وەك مێردەزمە پەڕیوەتە سەر کوڵە سنگی گەلی عێراق بەئاگرو ئاسن حوکمی ئەکات ئەو رۆژ واکەوتووەتە رۆژی سەرەتایی کۆتایی وەگەلی عێراق ئێشو ئازارێکی زۆریان بینیوە بەتایبەتی خەڵکی کوردستان پێویست ناکات کەئێمە وەصفی بکەین چونکە هەموومان تێدا ژیاوە لەبەر ئەوە دڵنیاین خەڵکی عێراقو کوردستان ئەم رۆژەی بەخەو دەبینی کەئێستا هاتووتە دی بۆیە من بەناوی خۆمەوە پیرۆزبایی لەهەموو خەڵکی کوردستانو گەلی عێراق دەکەن، ئومێدەوارم ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی عێراقو کوردستان بێتە پێشەوە...

*وتەبێژی رەسمی ئەمریکی راگەیاندوە کەخاکی سەربازی ئەمریکی حکومی عێراق دەکات بۆماوەیەك ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەم مەسەلەیە چی دەڵێت. ؟!

بەڕێزان ئێوە هەمووتان دەزانن ئێمەوە وەکو کورد پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەماهەنگی پتەومان هەیە دەربارەی ئایندەی عێراق، ودڵنیاین لەرێگای ئەو هەمئاهەنگی یەوە هەرشتێك بێ ئێمە بەوتو بێژ (گفتو گۆ) لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا ئیتفاقی لەگەڵ دەکەین بۆیە هەرچی بکرێ بۆ ئایندەی عێراق لام وایە بەراوپرسی هەردوو لایەن دەکرێ پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدەرەجەی یەکەمو دڵنیاین لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەمان گفتو گۆ دەکرێت لەبەر ئەوە ئێمە لەچوار چێوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کەبەم دوایانە لەعێراقدا کۆنگرەیان بەست هەرچی بڕیارێك بدەن ئێمە پێشوازی دەکەین لەو بڕیارە.

–ئایا حکومی سەربازی ئەمریکی جۆرێك لەداگیرکردن نییە؟

*هەر رووداوێك لەجیهاندا تایبەت مەندی خۆی هەیە من پێم وایە ئەو ژیانەی گەلی عێراقی تێدابوو ئەو واقعەی کەئێستا گەلی عێراقو دەوروبەری تێدایە من بەشتێکی دانانێم گەر حوکمێکی سەربازی ئەمریکی بۆ ماوەیەك لەعێراقدا بێ چونکە مێژووی عێراق وابووە لە دوای جەنگی یەکەم بۆ ماوەیەك

حاكمی عەسكەری حوكمی كردووە لەبەر ئەوە من زۆر بەشتێكی سروشتی دەزانم، واتەسەور ناكەم كەحكومەتێكی عێراقی قاسی بێ چونكە حوكمی سەربازی ئێمەو ئەوان زۆر جێوازی هەیە، ئەمریكییەكان ئەوانەی مافی مرۆڤ بۆ میللەتی خۆیان بەڕەوا ئەبینن لە ٣٠٪ بۆ ئێمە بە ڕەوا ببینن بۆ ئێمە بەسمانە، حاكمەكانی ئەم ناوچەیە بۆ میللەتی خۆیان هیچیان پێ نییە بۆ نەتەوەكەی خۆیان هاوزەمانی خۆیان هیچیان پێ نیە بۆ ئێمە كەنەتەوەی دووهەمین ئەبێ چیان پێ بێ.

–پێت وایە حوكمی فیدرالیەت لەكوردستاندا بەرقەراربێ؟

گەشبینم بەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تاپشتیوانی بریتانیو ئەمریكیو مافێكی گەلی كوردە حكومەتی ئەمریكی خۆی فیدرالی یە وەچەندین حكومەتی تری فیدرالی هەیە، بەڵام بە داخەوە هەندێك لە شوفێنیزمەكانی عەرەب واتێگەیشتوون كە فیدرالیەت جیاكردنەوەی كوردستانە یاخۆد رقە باریەتی لەگەڵ یەكترە ... فیدرالی مانای ( وحدةالوطنی) یەكبوونی نیشتیمانی هەر لایەك بە ماڤی رەوای خۆی شاد دەبێ لەبەر ئەوە من پێم وایە مەسەلەی فیدرالیەت پەسەندا لە لای ئەمریكا

□ دوا وەتاری بەرێزتان بۆ ئێمە چی یە ؟

- داواكارین لە هەردوولای سەركی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان كە ئێستا بەر پرسی یەكەمان لە دیاری كردنی چارەنووسی ئایندەی كوردستان بۆیە داواكارم لە سەركردایەتی كادران و پێشمەرگەكانی هەر دوو لا بەو پەری لێپرسراوێتی هاوكاری یەكتر بكەن لەگەڵ هەموو رۆداوەكانی ئێستا و ئایندەی عێراق، بەراستی رۆژانێك بوو تێپەر بوونی بە بەعسبوونێكی تفت وناخۆش كە دەبوو نەكرایە بەڵام بەهەر حاڵ گەلانی تری دونیایش زۆریان تێپەر بوون بەو حاڵەتە بەڵام گرنگ ئەوەیە كە دەرس و عیبرەتمان وەرگرت بێ وماڤی كوردستان نەفەوتێ . ئیتر سوپاس

**رۆژنامە نووس**

**سابیر محمود داماو**

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت